به ڕێز کاک مستەفا چیتر شەرت بۆ ناکەم .

ماوەیەک دوای کۆنگرەی١٢ ی حیزبی دێموکرات و بە تایبەت لە حەوت هەشت مانگی پێش کۆنگرەی سێزدە کە ساڵی پار گیرا ،ڕۆژانە بە شێوەیەکی ڕێک و پێک کۆمەڵێک پروپاگەندە و وادە وبەڵێنی وەک بەرنامە و پلانی کار بۆ داهاتوو لە لایەن جەنابتەوە لە نێو ئەندامان و بە تایبەت لە نێو لایەنگرانت  کە منیش یەکێک لە وان بووم بڵاو دەبووەوە. هەر چەند ئەو پروپاگەندانە ڕەسمی نەبوون و جەنابت قەت نەهاتی لە کۆبوونەوەیەکدا و بە بەشداری ژمارەیەک لە لایەنگر و دژبەرەکانی خۆتدا باسیان لێوە بکەی و بیانکەیە سەنەد بۆ داهاتوو. ئێستا دەزانم بۆچی لە گەڵ سایتی دیمانە کە داوای وتووێژی بۆ ئاگادار بوون لە سەر بەرنامەی کاری جەنابت کردبو ئامادە نەبووی . بە هەر حاڵ بە پێی پروپاگەندە نارەسمیە کانی جەنابت دەبۆایە حیزبی دوای کۆنگرەی١٣  بەهەشتی بەرین و حیزبێکی تەواو جیا لە حیزبی پێش کۆنگرەی ١٣ بێت.

وادە و بەڵێنیە کانی جەنابت بەربڵاو ،پڕشەنگدار، هیوا بەخش،ئیشتیا هێنەر و.....بوون.
شانەی هەموو نەهامەتیەکانت لەسەری بەڕێوەبەری هەڵبژێراوی کۆنگرەی ١٢ و بە تایبەت سکرتێری ئەو کاتی حیزب دا دەشکاند. بە بۆچوونی جەنابت ئەوان دوا کەوتوو بوون ، مرۆڤی سەردەم نەبوون ، بابەتی بیر و ئەندێشەی نەسڵی تازەیان پێ نەبوو و نەسلی تازە لە زمانیان حاڵی نە دبوو، هەلەکانیان نەدەقۆزتەوە،تۆانای لێکدانەوەی پڕۆسەکانیان بە شێوەی عیلمی نەبوو،بێ بەرنامە بوون،ئەوان حیزبیان بە بۆچوون و بە شێوەی دەیان ساڵ پێش لە دەوری خۆی دا دەخولاندەوە، تاوانبار بوون بە هێشتنەوەی حیزب لە کۆیە، ئەگەر چاوێکی دوو بارە بەو نامەیەی کە ٢٤ی ژانویەی ٢٠٠٤ نوسیوتە و بۆمن و بەشێکی دیکە لە لایەنگرانی خۆت ناردووە بخشێنیەوە،هەموو ئەو تاوانانەی تێدایە.

قەرار وابوو دوای کۆنگرەی  ١٣و بوونتان بە سکرتێر لە گەڵ پشکوتنی گوڵە گەزیزەی چیاکانی کوردستان بە پشتیوانی ئەمریکا پۆل پۆل پێشمەرگە
ڕەوانەی کوردستان بکەیەوە و بەهاری خەڵکی کوردستان بکەیە دوو بەهار.
ئاماژە بەوە دەکرا کە تەبایی و ڕەبایی نێو ماڵ و بنە ماڵەی حیزب ئامانج و ڕۆانگە یە.
دەگوترا دەورانی نەو گەرایی دەست پێ دەکات .
لە سەر قەولی جەنابت چاوەڕۆانی زیاد بوونی چەند قاتی یارمەتی و ئەویش بە گەڵا بووین!
باس لەوە دەکرا کە بەڕێوەبەری ئێستا  لەمپەر و ڕێگرە بۆ هاتنی چینی ڕووناکبیربۆ لای حیزب و دوای کۆنگرە هەموو ئۆرگانەکانی حیزب پڕی ڕووناکبیر دەبن و ئەو جار کار بە ئەفرادی لێهاتوو و کاردان دەسپێردرێ.
باس لەوە دەکراکە خەبات لە ژوورەوە بێ خاوەنە و کەس نییە خەت و ڕێبازی بداتێ و قەرار وابوو کۆمەڵانی خەڵک لە کوردستانی ئێران بەردەوام ڕێنوێنی بکرێن.

ئەوانە و دەیان بەڵێنی دیکە تەنیا ڕیزەیەکن لە بەڵێنیە پڕشەنگدارەکانی پێش کۆنگرە بە لایەنگرانت.
جەنابت لە سەر لایەنگری من و پشتیوانی جەمعێکی وەک من هاتیە سەر کار. ئێمەش بە پشت بەستن و ئێعتبار  بە قەولەکانی جەنابت کە هەموو بیر و مێشکی داگرتبووین وپێمان وابوو نۆیَ خۆازێیکی تازە کوورە پێشڕەوە مانە قۆڵی دژایەتی لەگەڵ دژبەرەکانت و لایەنگری لە جەنابتمان هەڵمالی. هیوامان ئەوەبوو کە هەرچی زووتر کۆنگرە بگیریَ و حیزب لانی کەم لە بەشێک لەو کەسانە کە جەنابت بە ملۆزمی سەر ریگای خەباتت دادەنان پاک بکرێنەوە و ئەو کات جەنابت دەبیَ مەیدان داری بی ئەولا وئەولا و بەرنامەکانت یەک لە دوای یەک پیادە دەکەی.

کۆنگرە گیرا و جەنابت بووی بە سکرتێر بەشێکی زۆر لەو کەسانەش کە پێت وابوو ملۆزمن لە گۆرەپانی بەربەرەکانی دا نەمان. منی لایەنگریشت لەو ماوەیەدا بەردەوام تەعقیبی چوونە پێشی بەرنامەکانی جەنابتم کردووە. قسە و قەرارەکانی پێش کۆنگرە و کردەوەکانی دوای کۆنگرەتم لەگەڵ یەک بەراوەرد کردوون ، بە داخەوە لە ئاکام دا بەو قەناعەتە گەیشتم کە لە نێوان قەول و کردەوەکانت بەقەد ئەرز و ئاسمان نێوان هەیە.
جگە لە وەدی نەهاتنی بەشێکی بچووکیش لە هیچ کام لەو وادانەی سەروە ،ئەمن لەو ماوەیەدا بەردەوام بە دوای وتوووێژەکانی رادیۆیی و رۆژنامەگەری جەنابت وەک ئاڵا هەڵگەری نۆیَ خۆازی و مودێڕنیزم دابووم. ئەوەی لەو وتوووێژانە وەدەست من کەوت شتێک نەبوون جگە لە لاوازی ،کزی، لەخۆار بوونی رادەی وڵامەکان کە دەگەڵ پلە و ناوی سکرتێری حیزب نامۆ بوون، لە زۆر جێگا دا لادان لە سیاسەت و رێبازی گشتی حیزب و هەڵەی زەقی مێژوویی قەد و باڵای وتوو و یژەکانتی وەها  رازاندبووەوە کە مرۆڤ حیزبەکەی خۆی نەدەناسییەوە.
بەراستی کاتێک لە خەو راپەڕیم و لە مەستی وادە وخەونە کانی پێش کۆنگرە وەهۆش هاتمەوە دیتم کە نە ئاسەوارێک لە بەرنامە هەیە و نە خاوەنی داواکان کە ئەو هەموو بەرزەفڕیەی دەکرد چی لە جانتادا هەیە.
سەردانەکەت بۆ ئوروپا کە ئێمە هیوادار بووین رەنگ و روخسارێکی جوان و رازاوەو مەقبووڵتر لە حیزب بدا بە کۆمەڵی کوردی دانیشتووی ئۆڕووپا  و کۆمەڵێکی باش لە چین و توێژی خۆیندەوار بۆ لای حیزب رابکێشیَ ،نەی پێکا و بە قەولی کوردان " کۆسە چوو بۆ ردێن سمێڵیشی لەسەر دانا " ئەو سەفەرەی جەنابت نەتەنیا کەسی بۆ لای حیزب رانەکێشا بەڵکوو سیمایەکی خەڵک رەوێنی دا بە کۆمەڵگای کوردی دانیشتووی ئوڕووپا. ئەوەی من لە ئەندامانی حیزبم لە ئۆڕووپاشم بیستووە جەنابت لەو سەفەرەدا حەتا نەتتۆانی دڵی بیَ پاکانی خۆت بە حیزب خۆش بکەی چ بگا بە پادارەکانی غەیری حیزبی.

یەکێک لە شانازییەکانی ئەو گەشتەی جەنابت پێک هێنانی کۆبوونەوە لە گەڵ نۆینەری نەتەوەکانی ئێران بوو کە کارم بە گەورەیی و بچووکی ئەو ڕێکخراوانە نییە.بەڵام جەنابت بەو هەڵانەی کە لەوتووویژ لە گەڵ رادیۆ زایەلە لە سوئێد کردت و من لە ئینترنێت گوێم دایە و ئەوەی نەدەبا گوتبات گوتت و لە ئاکام دا ئەو گێرەو کێشەیەی لە گەڵ کۆمەڵەکان و خەڵکانی دیکە لێ کەوتەوە. فووت لە ئاگری شەڕێک کرد کە لە مێژ بوو دامرکابوو و شەڕێکی تەبلیغی نۆیت دژی حیزب ساز کردەوە .بە کورتی جەنابت کۆشکی بلورینت بۆ حیزب ساز کردووە.

لە باری ڕێکخستنی نێو ماڵی حیزب ئەمن بە دوای ئاکامی هەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە لە وڵاتانی سویس، ئاڵمان، سوید ونۆرویژ کردتن، بووم.
باسی هاو بەشی هەموو کۆبوونەوەکانت بە کەم گرتنی کاری ئەو چەند ساڵەی رابردووی کۆمیتەی ناوەندی پێش کۆنگرەی١٣ بوو. نوکتەی دیار و بەر چاو  دیار بوو ئەوە بوو کە جەنابت سەرەرای  ئەوەکە کە لەو ماوەیەدا کە ئەگەر نەفەری هەوڵ نەبووبی نەفەری ٢یان ٣ و لانی کەم ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب بووی بەڵام هیچ چەشنە هەڵەیەکت لی روو نەداوە و سەرەرای ئەو بەرپرسایەتیە گەورانەی کە لە ئەستۆت بووە لە پێک هاتنی هەموو ئەو نەهامەتیانەی حیزب بێ تاوان بووی.وادیارە جەنابت لەو ماوەیەدا بە قەولی برادەرانی باشوور لە سەلاجەدا بووی و خۆت بۆ رۆژی مەبادا راگرتبوو قەولت دابوو تەنیا کاتێک کار بکەی کە سکرتێر بی. حەولت داوە کە تاوانی سەرنەکەوتنی ئەم جارەی خۆشت باوێیە ئەستۆی فراکسیۆنی ئەقەلییەت لە ناو حیزبدا.
جگە لەوانە ماڵم هەقە حەولت داوە کە لایەنگرانی خۆت بۆ هەر چەشنە ڕووداوێکی چاوەڕۆان نەکراو بە تەواوی سازمان بدەی و ئەوەندەی بۆشت کرا خۆت مەترەح کرد، بەڵام هەروا نەناسراو مابایەوە سەنگینتر بووی.
حەولت داوە کە رووحی ناوچە گەرایی کە بیریکی بێزراو و دواکەوتووانەیە بە هێز بکەی و هەر لە ئێستاوە باکوور و باشوور لە بەرانبەر ناوەند دا بکەی بە نەیار و جەنابیشت کە نە باشوور و نەباکوورت دیتوە ببی بە ئاڵا هەڵگر و ڕێبەریان.هەروەها حەولت دا کە تەشکیلاتی حیزب بکەی بە تەشکیلاتێکی یەک جەناحی و ئەو وتەی فارسان کە دەڵێن "هر کە از ما نیست با ما نیست" هودی بێنی.
لەو سەفەردا بە تایبەت حەولت دا فوو لە ئاوری شەڕێک بکەی کەلە زۆر ولاتی دیکەش هەر بە شەڕی باکوور و باشوور ناسراوە و زۆر ولاتی گەورەی وەک ئەمریکا، کۆریا، ویتنام ویەمن و زۆر ولاتی تر ساڵیان بە دەستیەوە ئەسیر بوون و ئێستاش وەک سەرەتان هەموو لەشی کوردستانی باشووری داگرتووە و دەیان ساڵە بە دەستیەوە دەناڵێنن.شەری بیر کۆنەکان هەر دوو ناوچەی داگرتبوو بەڵام هی بیر نوێ یە کان بۆتە سێ ناوچە.

لەو ماوەیەدا زۆر کەس لە ژوورەوە را  کە پێش کۆنگرە پیوەندیم لە گەڵیان هەبوو و باسی بەرنامەکانم بۆ کردبوون، پێوەندییان لە  گەڵ گرتووم و جگە لە باسی وتووێژەکانت کە سەری

لێ گیژ کردوون وله بەرانبەر نەیاران دا خۆیان بە دۆڕاو دەزانن باسی هیچی دیکە ناکەن. بەڕاستی ئێستا  ئیدی نەتەنیا خۆیان بە بێ سەر پەرەست دەزانن بگرە پێیان وایە کە نە حیزب سەر پەرەستی هەیە و نە کورد لە کوردستانی ئێران ڕێنوێن.
بە پێداچوونەوەیەکی ورد بە سەر وادە و بەڵێنیەکانی پێش کۆنگرە و کردەوەکانی دۆای کۆنگرە و هەروەها لێ تێگەیشتنی جیاواز لە چەمکەکان بە تایبەت چەمکی نۆی و ریفۆرم خۆازی کەمن پێم وایە دەبێ وەک پێگەیشتن و تێگەیشتن سەیر بکرێ نەک وەک کەرەسەی کرین و فرۆشتن و زۆر وردەکاری تری ناو تەشکیلات بەو ئاکامەگەیشتووم کە جەنابت ئەوەی کردووتە و دەی کەی تەنیا و تەنیا بۆ کورسی و پاراستنی مەسڵەحەت و بەرژەوەندی شەخسیتە نە بۆ رزگاری و بەرژەوەندی حیزب و خەباتی گەلی کورد. وادە و بەڵینیە کانیشت تەنیا بۆ گەیشتن بە کورسی بوو وبەس.
بۆیە من هاتمە سەر ئەو بڕوایە کە لەوە زیاتر شەڕت بۆ نەکەم .ئەمن دەچمە شەڕێک کە شەڕی بەرژەوەندی گەلەکەم بێ نە شەر بۆ کورسی جەنابت.

نیوزلەند
سەباح دشەیی
بانەمەڕی ١٣٨٤